# هۆنراوە



وێنە : ڤێرین رەئوف ( ١٥ ) ساڵ

## پەپوولە

پە پوولە، نەخشینە باڵت
پە پوولە، گوڵزارە ماڵت
جوانییە خەت و خاڵت
زۆر قەشەنگی
چەن بێدەنگی
رەنگاورەنگی.. ئەی پە پوولە

پە پوولە، شەیدای گوڵانی
پە پوولە، هێدی دڵانی
هەمیشە لەسەر چڵانی
زۆر نازداری
تاجی دیاری
بۆ بەهاری...ئەی پە پوولە

پە پوولە، میوانی گوڵی
پە پوولە، رازاوەو شڵی
بۆ پاکێتی تۆ سومبڵی
نەرمو نیانی
بێ زیانی
گەلەك جوانی... ئەی پە پوولە

عەبدولرەحمان ئاوگۆزی

شل: پەڵەپەڵەی سورو سپی

## جوجەڵە

جوجوڵەی زەردك     كردی بەهەرا
لەماڵ هاتەدەر     بەتاق و تەنیا
باوكی قوقاندی     قوو قوولی قوو قوو
جوجەڵە زەردك     بەرەو كوێ چوو
دایكی بانگی كرد     پشیلە بۆر نەتبا
لە چاو قوچانی     بەقەپێ نەتخوا
جوجەڵەی ژیرو     ئاقڵ و خۆشحاڵ
زوو بەجووكە جووك     هاتەوە بۆ ماڵ

سیمین چاپچی/ سنە



وێنە : سەرخێڵ عوسمان ( ١٥ ) ساڵ